

ناسر خاکسار      لەفارسییەوە: دلشاد کەریم

# سیکۆلاریزم

سیکۆلاریزم ئاراستەیەکی تایبەتییە کە بە هۆی وەرچەرخانە ئابووری، کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی دوای سەردەمی بووژانەوە (رێنسانس ) هاتە کایەوە، گرنگترین ئاکامەکانی ئەم دیاردەیە، هاتنەئارای تیۆرێکی سیاسیبوو لە بارەی جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت. کرۆکی سەرەکی و بیرۆکەی سیکۆلاریزم جەختکردنە لەسەر ئەو پرسەی کە بە نکولیکردن لە دەستێوەردانی دین لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کۆتایی دێ، بیروبۆچوونێکی تایبەتی لە ئاین و رەفتارە دینییەکان دەخاتەروو.

چەمکی سیکۆلاریزم لە وشەی لاتینی( secularism) وەرگیراوە، کە  بە مانای گروپێکی خەڵک دێن، لەو وڵاتانەی کە پرۆتستانەکان نیشتەجێبوون، بەکارهێنانی ئەم وشەیە برەوەی پەیداکرد و بە مانای جیهانی(مادی) لە بەرانبەر جیهانی رۆحانی بەکارهێندرا، بەڵام لە وڵاتانی کاسۆلیک نشینی وەکو فەرەنسا، لە جیاتی وشەی سکۆلار و سیکۆلاریزم، چەمکی

لاییک(laicite) باو بوو، ئەم چەمکەش لە هەردوو وشەی یۆنانی (laos)و (laikos) وەرگیراوە، کە یەکەمیان بە مانای خەلک و دووەمیان بە مانای خەلکی ئاسایی دێت لە بەرانبەر پیاوانی ئاینی و دینداردا، لە زمانی فارسیدا مانای ناسوتی، دونیایی و عورفی وەرگرتووە، لە زمانی عەرەبیدا هەردوو چەمکی (العلمانیە) و (العَلمانیە) لە بەرانبەر سیکۆلاریزم بەکارهاتووە. ئەو کەسانەی سیکۆلاریزمیان بە (العلمانیە) وەرگێراوە، ئەم دەستەواژەیان بە داتاشراو لە عیلم زانیوە، سیکۆلاریزمیشیان بەوە لێکداوەتەوە کە بانگهێشتێکە بۆ رووکردنە زانست، ئەوانەی کە بە (العَلمانیە) لەقەلەمیان داوە، بە داتاشراو لە وشەی (عالم) واتە دونیا دەزانن، بەم شێوەیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سیکۆلاریزم جەخت لەسەر سەربەخۆیی عەقلی مرۆڤایەتی دەکاتەوە لە هەموو ئەو لایەنانەی کە بە خزمەت دەژمێردرێن، بەبێ ئەوەی عەقڵ پێویستی بە مەسەلە ئاینیی مەعنەوییەکان هەبێ، راستییەکەی ئەوەیە کە دەستەواژەی سیکۆلاریزم، بە تێپەربوونی کات، مانای هەمەجۆری بەخۆیەوە گرتوە، لە سەرەتادا بۆ خستنەرووی مانای (نا رۆحانیی) بەکارهاتووە. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەراستدا، زەوی زۆر و فراوان لەژێر کۆنترۆلی رۆحانییەکان و پیاوانی ئاینی و کلێساکانبوو و لە لایەن ئەوانەوە بەرێوە دەبران، زەوییەکانی تر بە زەوی ژێر چاودێری سیکۆلارییەکان ناوزەد کراون، هەندێک جار ئەم دەستەواژەیە بۆنی دوژمنارییەتی دینی لێ دەهات، بۆ نمونە لە فەرەنسا، فێرکردنی ئاین، لە ئەستۆی کلێسابوو و دەولەتیش فێرکردنی گشتی لەئەستۆ بوو، کە زۆربەیان لە سنووری بیرکاری و سروشتەکان بوو.

هەربۆیە فێرکردنی لایک کەوتە بەرانبەر فێرکردنی ئاینی. کەم کەم ئەو بیرکردنەوە برەوی پەیداکرد، کە نەک تەنیا بەشێکە لە فێرکردنەکانی درەوەی ئاین و پیاوە ئاینییەکانە، بەڵکو لە بنەرەتەوە بەشێک لە لایەنەکانی ژیانی مرۆیی لە ئاین بەدەرە، بەمشێوەیە سیکۆلاریزم بووە دینی لایک، کە ژیانی گشتی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئاین و پیاوە ئاینییەکان دەویست.

سیکۆلاریزم لە وێناکردنی مانای خۆیدا، ماهیەتی زانست و مەعریفەشی بە قوربانی وەرچەرخان کردوە لەو لایەنەوە، دەتوانرێت سیکۆلاریزم بە هەولێک دابندرێت بۆ دامەزراندنی ئاقارێکی سەربەخۆی زانست کە بە پێش گریمانە ژوور سروشتییەکان و باوەرمەندەکان رازاوەتەوە، پێناسە بکرێ، هەر ئەم بارودۆخە لە بەرانبەر دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام بوو.

هەندێک پێیانوایە سیکۆلاریزم لەگەڵ ئـەوەی ئەو گەشەکردن و جۆراوجۆرە واتاییەی کە هەیەتی، خاوەن لایەنێکی گشتی و هاوبەشە کە هەموو ئەو مانا و روانگە جۆراوجۆرانە لە خۆیدا کۆ دەکـاتـەوە، ئەم واتـا گشتی و هەمەلایەنەپێیوایە کە ئاین هیچ سەروەرییەکی نییە بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوە زانستی و مەعریفییەکان، بۆیە پێویست ناکات ببێتە تاکە سەرچاوە و لە هەموو بوارێکدا بگەرێنەوە بۆ دین.

بە کورتی ئەوەیە کە: سیکۆلاریزم پێگەو ئامادەیی دین لەو بوارانە بە ئاسایی دەزانێت کە عەقلی مرۆڤیان ناگاتێ، لێرەدا باسی هۆکارە سەرەکییەکانی سیکۆلاریزم دەکەین.

هۆکاری یەکەم: بێتوانایی دین لە خستنەڕووی مەعریفەی پراکتیکی.

مەبەست لە مەعریفەی پراکتیکی، ئەو پێوەرە و حوکمانەیە کە لە هەموو رووداوێکدا، ئەرکێکی پراکتیکی روونی بۆ دیاری دەکات، کەواتە، مەعریفەی کردەوەیی، ناسینێکی کەم و کردەوەی باش و خراپ و دەبێ و نابێی کردەوەو رەفتارەکانە، جا ئەو کردەوانە لە بواری کەسیی و تایبەت بن یان بریار و رێگەچارەو کردارە کۆمەڵایەتییە زۆرەکان بن.

راستییەکە ئەوەیە کە لەمەر کـردەوە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، چەندین بەها و پێوانەو پێداویستییەکی گشتی بوونیان هەیە، چەند پرسگەلێکی وەکو(دەبێ راستگۆ بیت)،(دزی خراپە) ناتوانێ زانینی پراکتیکی بەدەستەوە بدا، چونکە ئەوانە خواستەییە و بە تەنیاپی ناتوانێت رۆشنکەرەوەی حوکمی بەشەکیی و کردەیی هەلسوکەوتێک بێت، لەبەرئەوەی لە هەر لایەنێکەوە (چی دەبێ بکرێ) کاتێک روون دەبێتەوە کە کردار لەگەل هەموو هەلومەرجەکانی دەورووبەر و ئەو پێگە تایبەتەی کە بکەری تێیدایە هەلبسەنگێنین و ئەم هەلومەرجانە لە حوکمە گشتییەکانی ئەخلاقیی یان پەیوەییستییە خواستییەکاندا لەبەرچاو نەگیراوە، کەواتە لە روونکردنەوەی ئەم پێشەکییەدا، دەبێ بگوترێ کە بانگەشەی سیکۆلاریزم ئەوەیە کە گەرانەوە بۆ ئاین لە کاروبارییە تاکیی و کۆمەڵایەتییەکاندا تەنیا لە سنووری خستنەرووی پێویستییە خواستەییەکانە، هەربۆیە ئاین ناتوانێ نەخشێنەری ئەرکی هەر تاکێک بێت لە هەر لایەنێکدا.

وەڵامی خستنەرووی بەڵگەیی یەکەم:

بوعەلی لە کتێبی (الاشارات و التبنیهات)و هەروەها تووسی و شیکەرەوەکانیان جەختیان لەسەر ئەو بابەتە کردوەتەوە کە لە هەر کردەوەیەکی خۆویستانەدا، مرۆڤ لەخۆرا دەست بە بەراوردکردن دەکات، بەراوردێک لە دوو بەرایی پێکدێ، لە بەرایی یەکەمدا کە بەراوردی بچوکە، مرۆڤێک دیاری دەکات کە کرداری گۆرین لەژێر کام سەردێردا دەگونجێ و پاشان بەرایی دووەم کە بەراوردی مەزنە و حوکمی گشتیی ئەو سەردێرە لە خۆ دەگرێ، دەیبەستێتەوە بە بەرایی یەکەم و حوکمی

بەشەکی و تایبەتی کردەیی لەسەری ئاشکرا دەبێت.

بە پێی ئەم شیکردنەوەیە، ڕۆڵی پرسە ئەخلاقیی و مافپەروەرییەکان، پێکهێنانی بـەراوردی مەزنی درکپێکردنی حوکمی کاری خۆویستانەیە، لە ئەنجامدا ئەمە چاوەڕوانییەکی تـەواو نابەجێیە، ئەگەر بمانەوێ دین لە هەموو بوارەکاندا چ تایبەتی و چ کۆمەڵایەتی مەعریفەتی پراکتیکیمان بخاتە بەردەست. هەربۆیە، ئەوەی کە دین بە تەنیای ناتوانێت ناسێنەری پراکتیکی و حوکمی ڕەهای کردەیی بخاتەڕوو، گرفتێکە کە دەکـرێ تووشی هـەر ستستمێکی ئەخلاقی و مافپەروەری ببێت و تایبەت بە دین نییە.

هەروەها ڕوون بووەوە کە لە دیاریکردنی ئەرکی پراکتیکیدا، هەروەک چۆن پێویستمان بە تێرامان و تێروانین هەیە، هەرواش پێویستیمان بە زانینی بنەما وگشتایەتی مافایەتی و ئاکاریی هەیە، لێرەیە کە ڕۆڵی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئاینییەکان ئاشکرا دەبێ.

یەکێک لە دەرکەوتەکانی گەڕانەوە بۆ ئاین خستنەڕووی ڕێکار و بنەما گشتییەکانی حاکم بەسەر ڕەفتاری تاکیی و کۆمەڵایەتی کەسەکانە. لێوەشاوییەکی دیکەی دین لە خستنەڕووی زانینی پراکتیکی سەدەکان لە ناوبردنی ئەم بنەمایانە، ناوبردنی ئەو پێوەرانەی کە بۆ دیاریکردنی ئەرک لە کاتی قەرەباڵغی بنەما و بەرژەوەندییەکانە لەگەڵ یەکتری، شیاوی باسکردنە ئەو دیندارانەی کە لە ژیانی تاکەکەسی خۆیاندا بەرگری لە گەڕانەوە بۆ دین دەکەن، هەرگیز لەسەر ئەوە نین کە ڕێنوێنی کردەیی دین و خستنەڕووی زانینی پراکتیکی بەهۆی دینەوە نابێت سوود لە سەرچاوە زانستییەکانی تر و هێزە سروشتییەکانی مرۆڤ وەربگیرێت.

هۆکاری دووەم: نەگونجانی ئاینی جێگیر لە گەڵ هەلومەرجە گۆڕاوەکاندا.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تایبەتمەندییەکی گۆڕاو و ناجێگیریان هەیە و بە درێژایی مێژوو گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و نهێنی ئەم گۆڕانکارییانە، دەولەمەندتربوونی ئەزمونە مرۆییەکانەلە بواری ژیانی کۆمەڵایەتیدا. پەیوەندییە سیاسیی، کلتوری و ئابوریەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگە سادە لادێیی هۆزییەکاندا زۆر جیاوازترە لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە زاڵـەی کۆمەڵگە پیشەسازیی و نیوە پیشەسازییەکان، لە لایەک ئاین و ڕێنماییەکانی، کرۆک و ناوەڕۆکێکی نەگۆڕی

**سیکۆلاریزم لە وێناکردنی مانای خۆیدا، ماهیەتی زانست و مەعریفەشی بە قوربانی وەرچەرخان کردوە لەو لایەنەوە، دەتوانرێت سیکۆلاریزم بە هەوڵێک دابندرێت بۆ دامەزراندنی ئاقارێکی سەربەخۆی زانست**

هەیە، چونکە ئیسلام لە کات و ساتێکی تایبەت و باڕودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت سەریهەڵدا و وەها نییە کە لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکاندا، سروشی خودایی نوێ ببێتەوە، چونکە بابەتی نەگۆڕ لەگەڵ گۆڕاو هاوتا نین، ئاینی نەگۆڕ ناتوانێ تاهەتایە ڕێکخەری پەیوەندییە حقوقییەکان بێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتیدا.

وەڵامی خستنەڕووی بەڵگەیی دووەم:

وەڵامـی خستنەڕووی بەلگەیی دووەم، پەیوەستە بە ڕوونبوونەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم بابەتە:

1 – هـەمـوو گـۆڕانـکـاریـیـە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی جیاواز نین لە جۆری گۆڕانکاری بونیاتین، هەندێ لە گۆڕانکارییەکان تەنها لە شێوە و قەوارەدایە، بۆ نمونە لە بواری پەیوەندی حقوقی و ئابووری لە ڕابردوو هەندێ گرێبەستی وەکو کرێ، کرین و فرۆشتن و گرێبەستی نێوان کۆمپانیا هەبووە و ئەمرۆکە هەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە شێوەی جۆراوجۆری بەخۆوە گرتووە، بەڵام لە ماهیەتدا، لە بواری پەیوەندییە حقوقییەکان هەمان گرێبەست و کرین و فرۆشتن هەیە.

2 – هەندێ لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی پێکهاتنی جۆرێک پەیوەندی کە هەم لە ڕووی ناوەڕۆک و هەم لە ڕووی قەوارەدا بە تەواوی نوێ و بێ وێنەن، لە زاراوەی فیقهی پێیدەگوترێ " بابەتی تازەوەدیهاتوو و نوێ ". ئاین نەگۆڕە، بەڵام تێدا ئاسانکاری و چارەسەرێکی دۆزینەوە بە مەبەستی گونجانی شەریعەت لە گەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و بابەتە نوێیەکان پێشبینی بۆ کراوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین .

ا : واڵابوونی دەرگای ئیجتیهاد و بەردەوامیی و دینامیزمی بوونی، چونکە پسپۆڕانی ئاین بە هاوکاری بنەماکانی فیقە هەوڵ دەدات حوکمی وپرسە نوێیەکان بدۆزێتەوە.

ب: جیاوازیی ڕۆڵی کات و شوێن لە ئیجتیهادا، فەقیە لە دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بابەتی هەندی لە حوکمەکانی ڕابردوودا هەر ماوە یان نا، یارمەتی دەدات چونکە هەندێ جار گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بابەتی حوکمی ڕابردوو دەگۆڕێت.

ج: پێگەی عورف و بنەما عەقڵانییەکان لە فیقهدا، بوار بۆ تێگەیشتن لە حوکمە شەرعییەکانی هەندێ لە پرسە نوێیەکان دەرەخسێنێ. چونکە هەندێ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نەریتە گشتی و بنەما عەقڵانییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەگەر تێروانینی گشتی شەرع لەبارەی بونیاتی عەقڵانییەکان قبوڵ بکەین، هاوتاکردنی شەرع و ئاین لە پەیوەندی و پرسە

نوێیەکاندا کێشەیەک دروست ناکات.

د: ڕەوایی بنەمای مەرج و سادەبوونەوەی بەرفراوانییەکەی لە گرێبەستە عەقڵانییەکاندا زەمینەی گونجانی فیقە و هەندێ هەلومەرج و پرسی نوێ سازدەکات.

ه: مۆڵەتی دەرکردنی حوکمی حکومەتێک بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەری بەرژەوەندی لە لایەن زانای ئاینی داگەر، لە هۆکارە زۆر گرنگەکانی گونجان و نەرم نواندنی فیقهە لە سەردەمە مێژووییەکاندا.

بەڵگەی سێیەم: ناکارامەیی لە بەڕێوەبەری فیقهی

فیقە توانای دەست تێوەردانی بەڕێوەبردنی نییە، چونکە تەنها بۆ نەهێشتنی گرفتە یاساییەکانە، بەڕێوەبەردن پسپۆڕیی و زانستیی و عەقڵانییە. پاشان، ئەگەر فیقە بیەوێت ڕۆڵێک لە بەڕێوەبردندا بگێڕێ، دەبێ لایەنە شاراوەکانی نەهێڵدرێ و شێوەی کۆیلایەتی و ڕەهابوونی نەمێنێت. فیقە دەبێ لە بەستێنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە ئەو ئامادەییەی هەبێ کە لە ئەنجامی ناکارامەیی و لاوازییەوە وەلا بنرێ و وەک ڕێگەچارەکانی تری ڕکەبەر سەیری بکرێ. ئاین لە بواری بەڕێوەبەری و کارگێری دەبی بەرژەوەندییەکانی ڕوون و بەرچاو بێت، بۆ ئەوەی ڕادەی کارامەیی و سودمەندیەکەی بزانرێت و بپێوەرێت . بە باوەڕبوون بە پەرەستن و هەبوونی بەرژەوەندی نهێنی و نادیار ئاین ناتوانێ بێتە نێو کایەی کارگێری گشتی کۆمەڵگە .

وەڵامی خستنەڕووی بەڵگەی سێیەم:

ئەم ئیستیدلالە لە لێکدانەوەی نەشیاوی ڕۆڵی ئاین لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە سەرچاوەی گرتووە و لە سەر بنەمای عەقڵانییەتی سێکۆلاریشە، ئەم دوو لایەنە ڕوون دەکەمەوە.

پەیوەندی ئەحکامە ئاینیەکان و ژیانی دنیای ئەبەدی و پەرستن ئەم جۆرە ئەحکامانە ڕوونە، بەڵام لەبارەی ئەو ئەحکامانەی کە پەیوەندی بە پەرستنەوە نییە، ئەم باسە دێتە ئاراوە کە ئایا ئەم ئەحکامانەی کە ڕێکخەری پەیوەندی نێوان تاکەکانن، ئەو بیروبۆچونانەش دەگرێتەوە کە لەبارەی چۆنایەتی ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابووری، سیاسی و سەربازییو بابەت گەلێکی دونیایی و ئامرازگەلێکی تایبەت بۆ ڕێکوپێک کردنی خۆشگوزەرانی ژیانی مرۆڤەکان؟

پێویستی خستنەڕووی بەڵگەیی سێیەم، نکۆڵی لە هەر جۆرە پێوەرو بەرژەوەندیێکە کە لەگەڵ عەقڵی مرۆیی ناگونجێ، ئێستاکە ئەوەی کە یەکەم ناتوانرێ وا بە ئاسانی فەلسەفە و بەرژەوەندی تایبەت و بەرجەستە دیاری بکرێ بۆ ئەو نەریت و ئەحکامانەی کە پەیوەندی بە پەرستنەو نییە، بەتایبەتی سەبارەت بەو حوکمانەی وەکو میرات و وەسیەت و خوێنبایی، دووەم ئەو گێرانەوانەی کە ڕێگری لەوە دەکات کە ئاوەزی مرۆڤ پێوەری ئەحکامەکانی خودایی بێت، ڕەهایە و بە شێوەی یەکسان ئەحکام و ڕێنماییاەکان دەگرێتەوە، بەتایبەتی ئەوە کە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەو هەندێک لەو جۆرە بڕیارانە، پەیوەندی بە حوکمی پەرستنەوە نەبووە، وەکووخوێنبایی ژن.

سێیەم، بەراوردکردنی بەڕێوەبردنی فیقهی و بەڕێوەبردنی زانستی و عەقڵانی، لەو وێناکردنە هەڵەیەی پەیوەندی عەقڵ و سروشەوە سەرچاوەی گرتووە، لە کاتێکدا حکومەتە ئاینیەکانی سەرەتای ئیسلام سەرەڕای بەکارهێنانی فیقهی ئیسلامی، سودیان لە توخمی عەقڵانیەتیش وەرگرتووە، جیاوازی حکومەتی ئاینی و حکومەتی سیکۆلار لەوەدا نییە کە حکومەتی ئاییینی گرنگی بە عەقڵانییەت نادات و تەنها پابەندە بە بەڕێوەبردنی فیقهی، وەنەبێ کە حکومەتی سیکۆلاریش تەنها عەقڵانیی بێت، بەڵکو جیاوازی لەوەدایە کە حکومەتی ئاینی، خوازیاری عەقڵانیەتێکی وایە کە لەگەڵ شەرعدا بێتەوە و ڕێوشوێنە عەقڵانییەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئاینی دەبێ ڕەچاوی ڕێنماییە ئاینیەکان بکات و هەوڵ بدەن لە سنووری ڕێنمایی فیقهی ئیسلامیدا کاروبارەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن، ئێستاکە عەقڵانیەتی سیکۆلار ئازاد و لەژێر کاریگەری ئاین نییە، بیر لە گونجانی لە گەڵ دیندا ناکاتەوە، حکومەتی ئاینی لە گەڵ ئەوەدا نییە کە ڕێگەچارەی کورتخایەن و پلانی درێژخایەنی گەورەی ئابووری و سیایی بۆ کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە ئاڵۆزەکانی هاوچەرخی ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ و بە بێ دەستێوەردانی عەقڵ و زانست لە نێو دەقە ئاینیەکان هەڵێنجێ، ئەم کارە نە دەکرێ و نە ئاینیش خوازیاریەتی.

فیقە لە بواری ژیانی پێکەوەییدا دوو کاری دیاریکراوی هەیە، یەکەمیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان خەریکی ڕیکخستنی پەیوەندییە یاساییەکان دەبێت و سنوورە یاساییەکان دەنەخشێنێت، دووەم ئەوەی کە پەیوەندی و بایەخە گشتییەکان لە بنیاتنانی کلتور و ئابووری و سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی دێنێتەگۆری.

ئەوەشمان بیر نەچێت کە لە کاری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، هەندێ جار هەندێ گرفت دێتەگۆڕێ کە پاراستنی هەندێ لە سنوورە یاسایی و ئاینیەکان لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نییە، دیاریکردنی ئەو بابەتە و دۆزینەوەی ڕێگەچارە، لە چوارچێوەی بڕیاری حکومی لە لایەن زانای ئاینی، چارەیەکە کە لە فیقهی ئیسلامیدا بۆ ئەو جۆرە کێشانە پێشبینی کراوە، بەڵام عەقلییەتی سیکۆلار لە گریمانەی قبوڵکردن گشتیەکەی لەم سەردەمەدا، ناتوانێت ئەو بڕەوە هۆکاری ڕاستییەکەی بێت، بەڵکو ڕاستیی ئەو پەیوەستە بە شرۆڤە و سەلماندنی بنەماکانیەوە هەیە.

**سەرچاوە:**

1. حکومت دینی – احمد واعقی باسی سیکۆلاریزم.
2. چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ لە ئاین، عەبدوللا نەسری.
3. سیکۆلاریزم لە ئیسلام و مەسیحیدا، حەسەن قەدردان قەراملکی.